
# ڕاپۆرتەکەی (بیکەر- هاملتۆن ) و هاوپەیمانیەتی کورد و ئەمریکا



**هۆشیاری عەبدولعەزیز**
hoshyarebdelaziz@yahoo.com

ئەگەری قوڵبونەوەی قەیران وتەنگەژەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی عێراق وبەرزبوونەوەی کێرڤی ململانیێ مەزهەبی وتایفییەکان بە ئاراستەی ناشسیرینکردنی سیاسەتی ستراتیژی ئەمریکی لە عێراق وناوچەکەدا وایکرد کۆشکی سپی بیر لە شێوە ستراتیژێکی گونجاوتر وبابەتیانەتر بکاتەوەو لە ڕێگەیەوە ئەڵقەکانی هاوکێشەکە بە دیوێکی ترو چڕتر لە جاران بخاتە گەڕتا بتوانێ ڕێگری لە شێواندنی ئەو ستراتیژە بکات کە خەریکە هەنگاو بەرەو دووبارەبوونەوەی سیناریۆ تاڵەکانی ڤێتنام دەنێ.دیارە ئەمریکا وەك زلهێزێکی جیهانی وناوچەیی نایەوێ بەرووە دیارەکەیدا توشی شکست وپاشگەزبوونەوە بێت وبەو دیوی هاوکێشەکەشدا ترسی ئەوەی هەیە قووڵبوونەوەی ستراکتۆری قەیران وتەنگەژە سیاسی وکۆمەلآیەتی ومەزهەبییەکانی عێراق بگاتە ڕادەیەك کە تابلۆی ڕەوشەکە لە ئاڵوگۆڕەکاندا ڕەش وتەڵخاوی بکات وکاریگەری خۆی بەسەر پانتایی جوگرافی وپەیوەندییە سیاسی وستراتیژییەکانیەوە بەجێ بهێڵێ.چونکە پێی وایە ئەگەر ئەو حاڵەتە ڕوویدا چارەسەرکردن وخۆ قوتارکردنی دەبێتە مەسەلەیەکی ئاڵۆزو مەترسیدارو ئەوکات کارتی کشانەوەو دەستهەڵگرتن لە ئەجیندای ئەمریکادا دەبێتە کارتێکی سوتاووقەڵپ وهیچی پێ ناکرێ.هەر بۆیە دەبینی لەم حاڵەتەدا بەبێ ڕەچاوکردنی بۆندە بچووکەکانی پەیوەندی خۆی لە ناوچەکەدا بازەگەورەکانی داڕێژەری سیاسەتی ستراتیژی کۆشکی سپی دێنێتە مەیدان ودەیانکاتە ئامرازی سەرلەنوێ خوێندنەوەو پێداچوونەوەی ئەو پنت وبنەمایانەی کە دەشێ ئەمریکا بەرەو هەڵدێر بەرێت.لای ئەوان واتا ئەمریکییەکان بۆندە بچووکەکانی پەیوەندی هێندەی سەرکەوتنی سیاسەتی ستڕتیژی ئەمریکی لە ناوچەکەدا گرنگ نییە ونایکەنە مەسەلەیەك کە خۆیان ببنە قوربانی ئێمەومانان،ڕاستە هاوپەیمانێتی لە سیاسەتی ستراتیژی ئەمریکیدا گرنگی خۆیی هەیە بەلآم گرنگییەك کە خۆی سەرکەوتویی پلەیەك بێت تێیدا.وپێچەوانە هاوپەیمانێتی لەلای ئەوان بۆ خۆی لە حاڵەتێکی نا ئاساییدا دەوەستێت وبەپێی بەرژەوەندیەکانیان ئاڵوگۆڕەکان بەرجەستە دەکەن. دیارەلە چوارچێوەی ئەم چەمکە گشتگیرەدا ئەمەریکا زەمەنێکە کار لە سەر پنت وبنەماکانی چەمکی هاوپەیمانێتی دەکات ،بەلآم هاوپەیمانیەتێکی بێ پرۆژە وبی بنەمای وەها کە مەگەرخودی بازەکانی ئەمەریکا خۆی سەری لێ دەرکات،چونکە بەدرێژای مێژووئەمەریکا لە هاوپەیمانێتیدا نەیتوانیوە بەپێی خواست ودلگیری بەرانبەرسەرکەوتن بە

دەست بێنێ وهەرچی کردووە وچەند بەهەڵپە بووە دەرەنجامی بە شکست بۆلایەنی بەرانبەر شکاوەتەوەو سەرکەوتو نەبووە.کەچی دوای هەموو ئەو شکست ونسکۆیانەش کەوەك ئەزموون لە بەردەستمانە تازە بە تازە کورد هاتووە لە گەڵ سیاسەتی ستراتیژی ئەمریکادا هاوپەیمانێتی گرێ دەدات وکردویەتیە ئامانج بۆ سەرکەوتن.ئەم حاڵەتە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە کورد یەك بە یەك خۆی بە دۆستی نزیکی ئەمریکا بزانێت.ئەگەر تۆزێك لۆژیکانەتر لەم دۆخەی ئێستای عێراقدا بیر لەو هاوپەیمانیە بکەینەوە کە کورد باسی دەکات لە گەڵ ئەمریکا،ئەوە پێم وابێت ئەمریکا جگە لە بەرژەوەندی وقازانجی ستراتیژی خۆی وەك ئاماژەمان بۆکرد شتێکی تری بەلاوە گرنگ نییە وپێچەوانە سەرکەوتنی خۆی پوختەی مەخسەدە لەهاوپەیمانێتیدا وراپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆنیش باشترین بەڵگەودیکۆمێنتی زیندون وناکرێ حاشایان لێبکرێت. چونکە ئەمریکا لەم دۆخەی ئێستای عێراقدا لە بەردەم کۆمەڵێك گرێ وکۆپاڵی هاوکێشەیەکی ناجۆردایە و هەر یەك لەو گرێ وکۆپاڵانەش ئامانج وستراتیژێکی دەوێت.هەر بۆیەشە دەبینین هاتنی بۆ عێراق ویەکلاکردنەوەی ململانێکانی لە ناوخۆو دەرەوەدا بە شەڕی دژە تیرۆرەوە هەڵدەواسێ ورایگەیاند بۆ زاڵبوون بە سەر کۆسپەکانی بەردەمیدا دەبێت شەڕی دژە تیرۆر بکات.لە شەڕی دژە تیرۆریشدا وا دەخوازێ کە ئەمریکا بۆندی کۆمەڵێك هاوپەیمانی بچوك بچوك لە رۆژهەلاتی ناویندا مۆر بکات،چونکە ئەمریکا پێی وایە لەم مەسەلەیەدا پێویستی بە کۆمەڵێك تاکتیکی سیتراتیژی هەیە ودەبێت دەستی بۆ بەرێت،لەوانەش رازیکردنی ولاتانی دەوروپشتی عێراق،هەروەها گرنگی دان بە پرسی فەڵەستین وئیسرائیل،دواتریشیان کارکردنە بۆ رازیکردنی کوردو شیعەو سوننە لە عێراقدا وەك سێ کوچکەیەك لەهاوکێشەکەدا نەك لەسەر بنەمایی ئەوسۆزە نالۆژیکیەی کەئێمە کاری لەسەر دەکەین.دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێت کە ئەمریکا هێندە کاڵفامانە بیر ناکاتەوە کە کورد بە تەنها بە هاوپەیمانی خۆی بزانێت لە ناوچەکەداوئەوانی تربخاتە پەراوێزەوە وەك ئەوەی کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوەو سەخڵەت دەبین بەبادانەوەی ئەولەوەها حاڵێکدا کەمەترسی هەیە لەسەر سەکۆی ستراتیژوتاکتیکی داهاتووی چونکە ئەگەر وابو ئەوە بێگومان ئەمریکا ناتوانێت سەرکەوتن بە دەست بێنێ لەو پرۆسە تێهەڵکێشراوو شەڕانیەیدا کە ئێستا گرتویەتیە بەرەو دەیەوێ ببێتە هۆکاری زیاتر پاراستنی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی لە ناوچەکەدا، ئەمریکا هەر لە سەرەتای هاتنیەوە بۆ رۆژهەلاتی ناوەڕاست،ئێرانی ئسلامی بە بەربگرو بەربەستێکی دیارو بەر چاو زانی لە رێگای سەرخستنی ئامانجە سیاسی وئابووریەکانیدا،هەر بۆیە دەبینین لە بەرامبەر ئەمەش بۆ بیدەنگکردنی ئێران پێویستی بە ئەوە بوو کە گرنگی بە هێزێکی شیعەگەری ئیسلامی بدات لە عێراق.ئەمم هێزە شیعەگەریەش لە بنەڕەتدا وابەستەیەکی پتەوی لە گەڵ شیعەکانی ئێراندا هەیەو ئەتوانێت ببێتە ئامرازو فاکتەرێکی گونجاوو بۆ بێدەنگ کردنی هەڵوێستی ئێران لە بەرامبەر ئەمریکا،ئەم هاوپەیمانێتیەی ئەمریکا لە گەڵ شیعەی عێراق تێکەڵەیەکی ناڕۆشنە وئەمریکا بۆ مەبەست ومەرامی خۆی بە کاریان دێنێ.لە بەرامبەر شیعەش،عەرەبی سوننە مەزهەب لە سێ ساڵی رابردوداو لە پاش روخاندنی بەعس بە ئاشکرا دەستیان لە تیرۆرو رەشەکوژیدا بووەو دەیانەوێت لەو رێگایەوە دەسەلاتی خۆیان جارێکی تر بە دەست بهێننەوە.کەچی گرنگی ئەم مەسەلەیە لە لای ئەمریکا مەسەلەیەکی هەستیارەو سەرەڕای دەستگیرۆیی تیرۆر لە لایەن عەرەبی سوننە

مەزهەبەوە،ئەمریكا لە نێو كێشەكەدا بە دەم داواو داخوازیەكانیانەوەیە،چونكە پێی وایە وەدەرنانی سوننە لە چوارچێوەی تابلۆی گورەپانی سیاسی عێراق مەسەلەیەكی مەترسیدارەو كاریگەری نیگەتیڤی دەبێت لە سەر هەوڵ وكۆششەكانی ئەمریكا لە ناوچەكەدا.لەم نێوانەداو بە دڵنەوایی كردنی سوننەكان وگرنگی دانی بە شیعە مەزهەبەكانی عێراق وەك بیكەروهاملتۆنیش ئاماژەیان بۆكردوە ئەمریكا دەتوانێ بە شێوەیەكی بابەتیانە خۆی لەو قەیران وتەنگەژە تێكچرژاوە رزگاربكات وهەنگاوەكانی كاراتر بكات لە نەخشەی رووداوپێشهاتەكانی عێراق وناوچەكەداو هاوكات لەگەڵ ئەمەشدا بتوانێ بەگورتر كارلەسەر دژایەتی كردنی تەخم ورەگەزەكانی تیرۆرومەسەلە هاوپەیوەستەكانی بكات . بۆیە كە ئەمە سیاسەتی بەرژەوەند خوازانەی ئەمریكا بێت،ئەوە بە بڕوای من بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا لە ئێستادا وا دەخوازێت ئەو هاوپەیمانێتیە دوور مەودایەی كەپێشتر لەگوتاری سیاسی ئەمەریكادا بایەخی هەبووئەمڕۆكە ساردی بكاتەوەونەیكاتە كارتێكی وا كە رەنگەلەئێستادا توشی جۆرێك لە گۆبەنی بكات ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت ئەمریكا لەپرۆسە سیاسی وستراتیژیەكانی خۆیدا پێویستی بە كورد نەبێ نەخێر بەڵكوو بگرە لە داهاتوودا بە پێچەوانەوە كورد كارتێكی نەسوتاوی بە هێزە بە دەستی ئەمریكاوە بۆ دژایەتی كردنی نەیارەكانی خۆی لە ناوچەكەداو دەتوانێ رۆڵی كارابگێڕێ. بەڵام دۆخی ئێستا وا دەخوازێت كورد لە ئەولەویاتی ئەجیندای سیاسەتی ئەمریكادا نەبێ وبەڵكو لە مەحفەزەی پێویستیە گرنگەكانیدا دایبنێت.

دیارە شیعەو سوننەش لە عێراقدا ئەو راستیە باش دەزانن كە ئەمریكا بە چی مەبەست وبەهانەیەك دەستی بەوانەوە گرتووەو كاریان لە سەر دەكات،هەر بۆیەشە ئەو دوو لایەنە مەزهەبی تایفەگەریە دەیانەوێت لەو نێوانەدا كە ئەمریكا پێویستی پێیانە سوود لەو دەرفەتە وەربگرن ولە بەرانبەریشدابەئاشكرا وتا ئەو ئەندازەیەی پێیان دەكرێت نایانوێ.ملكەچی یاساو رێساكانی ئەمریكا نەبن چونكە ئەو دوو لایەنە بەردەوام خوازیاری بە هێزكردنی پەیوەندیەكانیانن لە گەل ئەمریكا،بەلاَم بە گومانن لەوەی ئاخۆ ئەمریكا بە فیعلی دەبێتە هاوپەیمانیان.ئەمانەو زۆر مەسەلەی تر لە هەمبانەی پرۆژە سیاسیەكانی ئەمریكا و ناوچەكەدان وبەرونیش لەراپۆرتە پێشنیارەكەی بیكەر – هاملتۆن دا خراونەتە رووكەئەگەر ئەمەریكا بەخۆیدا نەچێتەوە ئەوە دەرئەنجام توشی شكست ودۆراندن دەبێتەوەو ناتوانێ بەمەرامی خۆی بگات ، بەلای ئەمریكاشەوە لە ئێستادا هەوڵەكانی كورد لە ئاست چارەسەكردنی قەیران وتەنگەژەكانی ناوخۆی عێراقدا كۆمەڵێك هەوڵی ساردو سڕن وناتوانن ببنە پشتگیری پلە یەك لە خواست ومەرامی سیاسەتی ئەوو ئەو مەسەلە گەلەی كە ئەمریكا لە رابردوودا كاری لە سەر دەكرد،هەر بۆیەشە دەبینین ئەمریكییەكان لە وەها دۆخێكدا بەرژەوەندییەكانیان لە سەر ئاستی ناوخۆیی ودەرەكی وادەخوازێ بیرلە پرۆژە پێشنیارێكی تر بكاتەوە كە هەڕەشەو تەنگەژەكانی سەر سیاسەتی ستراتیژی ئەمریكی لانی كەم كەمتربكاتەوەو نەبێتە رێگرو لەمپەر لەبەردەم ئەو پرۆسە سیاسیەی كە وەك نەخشێك لە ناوچەكەدا كاری لەسەر دەكات،ئەمریكا ئەمجارەیان دەیەوێ لە رێگەی لێژنەكەی بیكەرـ هاملتۆنەوە كە دوو كەسایەتی دیاری نێو نەخشەی ستراتیژی ئەمریكان ولە ئێستاو رابردوودا پارێزەری ئامانج وبەها سیاسیەكانی كۆشكی سپین ئاراستەی لێكدانەوەو هاوپەیمانێتی ولاَتەكەیان بە شێوەیەك لە شێوەكان بگۆڕن وخۆیان بەدوور بگرن لە

**دۆڕاندن وئەو گێروگازە سیاسیەی کە تێهەڵکێشی سیاسەتی ئەوان بووە لە ناوچەکەدا.هاوکات لە گەل ئەمەش دەیانەوێ ئاراستەی مەسەلەکان بەلایەکیتردا بەرن کە پڕاوپڕ بەرژەوەندییەکانیان بپارێزێت،بەمەش پێدەچێ جۆرو شێوازی پەیوەندییەکانیان ئاڵورگۆڕی بەسەردا بێت و قۆناغێکی نوێ بەرهەم بێنێت کە ئەو قەیران وتەنگەژە سیاسیانە لەخۆیدا ونکات. هەمووئەمانەو وتەوهەڵپەو هەڵچونەکانی جۆرج بوش وکاردانەوەی پۆزتیڤانەی خەڵکی ئەمەریکا ودیدارو چاوپێکەوتنەکانی کەسایەتیە دیارەکانی کۆشکی سپی لەسەر راپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن.**

**دەمانگەیەننە ئەو ڕاییەی کەبڵێین رەنگە قوربانی بەخۆ دانی کوردیش لەم نێوانەدا لە پێناو سەرکەوتنی خواستی هاوپەیمانە زلهێزەکەمان کە لەسەرەتای نەوەدەکانەوە دەستپێدەکات و لە داڕشتنەوەی دەستوورو پێکهێنانی حکومەتی تەوافوقی وهاوکێشەی پەیوەندییەکانی ئەمریکادا رەنگ ئەداتەوە بووبێتە مەسەلەیەکی لاوەکی وجێبایەخ نەبووبێ،نەك بەو مانایەی کە ئەمریکا لە سیاسەتی ستراتیژی خۆیدا پێویستی بە کورد نییە بەڵکو بەو مانایەی کورد لەم قۆناغەدا ناتوانێ ببێتە ئەو کانتۆنە سیاسیە دیفاکتۆییەی کە ئەمریکا پێویستی پێیەتی ودەتوانێ بەرژەوەندییەکانی بە هەموو شێوەیەك بپارێزێ.لە ئێستادا نا بەڵکو لە پاشەڕۆژی سیاسەتی خۆیدا ئەمریکا کار لە سەر جۆرێك لە پەیوەندی خۆیی دەکات لە گەل کوردو ئەو بەرژەوەندیانەی کە لە کوردستاندا هەیەتی،بەلاٌم دەبێ ئەوەشمان بیرنەچێ کە ئەمریکا لەم گەمە سیاسیانەدا ئەگەرەکان فرێ دەداتە بازاڕەوەو هەندێکجار لە کڕین وفرۆشتنیدا مامەڵەی بێسەروبەر دەکات،لە ئەگەری سیاسیشدا ئەوە بایەخی هەیەو ناکرێ کوردو بزاوتی سیاسی کوردستان ئەم لایەنە فەرامۆش بکات ونەیخوێنێتەوە،بۆیە دەخوازێ لە وردبوونەوە لە راپۆرتەکەی بیکەرـ هاملتۆنەوە کورد وریایانە مامەڵە لەگەل ئەو دۆخەدا بکات وبزانێ چۆن لە ناوڕۆکی ئەو دیمەنە سیاسییە دەگات کە ئەمریکا لەم دۆخەدا نمایشی دەکات.پێچەوانە دواجاربەزیانی مافەکانی گەلی کورد دەشکێتەوەودەبێتە هۆکارو فاکتەرێکی واکە کورد جارێکی تر لە بازنەی شکست خواردووی ئەم هاوپەیمانێتیەدا بخولێتەوەو نەتوانێ دواڕۆژ بۆخۆی مسۆگەر بکات . دیارە بە مسۆگەر نەبوونی دوارۆژیش کێشەکان بە هەڵواسراوی دەمێننەوەوناتوانین چارە سەرێکی گونجاویان بۆبەدەست بێنین.**